

## کامەران رەئوف:

# هەستی من سەبارەت بەشانۆ ناگۆڕێت!!

کامەران رەئوف وەك ئەکتەرو وەك دەرهێنەر لای زۆرمان ناوێکی دیارە، ئەزمونەکانی ئەو بەتایبەتی (وێرانە، گەشتەکەی حەسەن، کۆشك).. ئەزمونگەلێکن لەبزوتنەوەی شانۆی کوردیدا بەردەوام جێگەی ئاماژە بۆ کردنن، ئەو جگە لەوەی شانۆی خوێندووە لەهەمان کاتدا ئەکادیمیای سینەمای تەواو کردووەو چەند ئەزمونێکی لەبواری فیلم سازیدا هەیەو ئەمانیش شان بەشانی کارە شانۆییەکانی جێگەی لەسەر وەستانن، ماوەی نزیکەی (10) ساڵە لەهۆلندە دەژیو لەوێش چەند کارێکی هونەری کردووەو گرنگترینیان شانۆگەری (بیرەوەرییەکانە) کە ناوبانگی زۆری لەمیدیای کوردیو عەرەبیدا دایەوە، پاش سەفەرکردنی یەکەمین گەڕانەوەی بۆ کوردستان ئەم گفتوگۆ کراوەمان لەگەڵدا ساز کرد:

دیداری:
کامەران سوبحان
گۆران عەلی کەریم

***گەر سەیری بزووتنەوەی شانۆی کوردی بکەین ناوی کامەران رەئوف ناوێکی دیارەو کاریگەری خۆی لەهەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا زۆر بەڕوونی دیاربوو، ئاخۆ دروستکردنی ئەم ناوە بۆ کەی گەڕێتەوە؟**

-ناوبانگ دەرکردن و بوون بەناو حاڵەتێکی زۆر زۆر قورسە، سوپاستان دەکەم کە ئێوە کاریگەری منتان لەنێوەندەکەدا بینیوە، ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر لەشەونخونی، ساڵانێکی زۆر لەماندوبون و تێکۆشان، لەبیرکردنەوە، لەڕۆچون بەناخی وشەدا، سەرەتاکانیش بۆ

ڕۆژگاری قوتابیـەتیم دەگەڕێتـەوە کـە ئـەوکات سـاڵی 1972 یەکـەم جـار قوتـابی بـووم لەپەیمانگـەی هونەرەجوانــەکانی بەغـداو دواتـر لەئـەکادیمی هونەرەجوانـەکانو دوای ئـەوەش سـەفەرکردنم بـۆ پـاریسو خوێنـدن لـەزانکۆی سـۆربۆنو تـەواو نـەکردنی ئـەو خوێندنـە لـەپاریسو گەڕانـەوە، باشـتر خەمی سەفەرکردن تا دواجار لەنەوەدەکاندا بەیەکجاری سەفەرم کردو لەهۆڵەندا گیرسامەوە، هـەموو ئـەو قۆناغانـە هەریەکـەیان بـەپێی کـەمو زۆری ڕۆڵیـان بینـی لەدەرخستنی توانـای هونـەریم، بۆیـە لەوکاتەوە تا ئێستا بەرنامەی تایبەتیم هەیە بۆ بیرکردنەوە، بۆ خوێندنەوە، بۆ هەڵبژاردنی بابەت.

***کەواتە هەر قۆناغێك بۆ تۆ لەژیاندا کاریگەری هەبووە لەسەر ناسـاندنو دەوڵەمەنـدکردنی توانـای هونـەریت، ئەی پێت وانییە لەشانۆدا زۆرجار مرۆڤ و دەرەوەی خۆی دەکەونە گفتوگۆ، لێرەدا پێگەی تۆ وەك شانۆکارێك چـۆن دەردەکەوێت؟**

—سـەبارەت بەپێگـەی مـنو شـانۆ، دەتـوانم بڵـێم مـن مرۆڤێکـی پارچـە پارچـەکراومو شـانۆ کۆمدەکاتەوە، گەر هونەر نەبێت من وا نابم بەڵکو چەند پارچەیەك دەبم، تەنانەت ریتمی دڵو ریتمی لەشم تێکدەچێت، منو شانۆ لەگفتوگۆیەکی بەردەوامداین بۆ یارمەتیدان بۆ بیرکردنـەوەی قەلـەقیو نادڵنیاییەکان، لەو پانتاییەدا لەگەڵ ئەوەی بیر لەقەلەقی بەڵام لەناویدا هەست بەئارامی دەکەم..

***زۆر جار لەڕێی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانەوە ئاگامان لـەکارو چـالاکیە هونەرییەکانتـە لەهۆڵەنـدا، بێگومـان تـۆ ماوەیەکە ئێرەت جێهێلاوە، بەدڵنیاییەوە ئەو جێهێلانە کاریگەری تایبەتی دەبێت لەسەر بۆچوونەکانت، ئایا بۆچونت بۆ شانۆ لەئێستاو لەکوردستان چ جیاوازییەکان هەبوو؟**

—هەسـتی مـن سـەبارەت بەشـانۆ ناگۆڕێـت!! هـەر هـەمان هەسـتە، لێـرە چـۆن هەسـتم کـردووە، لـەوەوپێش هـەر هـەمان هەسـتە، بـەڵام بۆچونەکانمان دەگۆڕێت، دەروازەکـان دەگۆڕێـت، بـۆ نموونـە باسی هەڵبـژاردنی دەق بکـەین بـۆ نمایشێکی شانۆیی، گـەر لێرەبیـت دەقێـك هەڵدەبژێرێت، لـەوێش دەقێکی تر، هەموو قۆناغێك دەقێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو قۆناغەش پەیوەستە بەبینـەر، چونکە شانۆ بـەبێ بینـەر بـوونی نییـە، شـانۆ هاوکێشەیەکە بـەبێ بینـەر بەتاڵـە، هەیـە بـاوەڕی بەبینـەر نییـە دەڵێت با لەهۆڵەکەدا دوو بینەر بێت بۆ نمایش بەسە، من بۆ خۆم باوەڕم بەو بۆچونە نییە..

***باسێکی ترت بۆ ئێمە وروژاند، ئەویش بوونو نەبوونی بینەرە، دەکرێـت بـزانین هاوکێـشەی بـوونو نـەبوونی بینەر لەئەوروپا لەچ ئاستێکدایە؟**

—بەڕێزان نـەبوونی بینـەر لەکوردسـتان جیـاوازە لەنەبوونی بینـەر لەئـەوروپا، جارێـك پـێم وابێـت قورسە بڵێم لەئەوروپا شانۆ بینەری نییە، هەموو شانۆیەك بینەری تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە با نمونەیەکتان بۆ باس بکەم تیپێکی شانۆیی هەیە لەلاهای کە سـەرۆکی تیپەکـە خـانمێکی هۆڵەندییـە کە دەرهێنەری شانۆیەك بـوو 28 ڕۆژ نمـایش کـرا مـن زۆر نزیـك بـووم لـەو تیپـە بـاوەڕم پێدەکـەن کـە بڵێم بلیتم دەست نەکەوت کە بچم بۆ بینینی نمایشەکە!!.

ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا ئیمێلم بۆ کردنو دواتریش تەلەفۆنم کرد بۆ بلیتێك، داوای لێبوردنیان کـرد چونکە هەموو بلیتەکان گیرابوون، مانگێك لەمەوبەر چووم بۆ شانۆیی (ئۆریـستیا)ی سـۆفۆکلیس کـە شانۆگەرییەکی کلاسیکە کە لەکەنیسەیەکدا نمایش دەکرا شوێنی نمـایش نزیکـەی (300 بینـەر)، دەگـرت چـەند ڕۆژێك ڕۆیشتم بلیـتم دەست نەکـەوت تـا پێیـان وتم وەرە پـێش نمـایش گـەر کەسـێك نەهات ئەوە دەتخەینە شوێنی ئەو بڕۆ نمایشەکە ببینە..

ئەمانە بۆچی بوو، من زۆر جار لەگۆڤارەکاندا یان لەدیدارە تەلەفزیۆنیەکاندا ئەوە دەبینم کە دەڵێت شانۆش لەئەوروپا قەیرانی هەیە، ئەمە وانییەو دوورە لەڕاستی، هیوادارم ئێوە دەرفەتی سەفەرتان بۆ بڕەخسێتو بێن ئەو هۆڵو نمایشانە ببینن ئەوسا دەزانن شانۆ لەچ ئاستێکدایە.

***بەڵام رەنگە من لەگەڵ بۆچوونی پێشتردا تۆزێك جیاوازیم هەبێت، کە تۆ دەڵێیت من لەئەوروپا بم یان لێرە بۆچونم سەبارەت بەشانۆ ناگۆڕێت، بەڵام من پێم وایە تۆ لێرە بەشێوازێك، لەبەغداد بەشێوازێك لەئەوروپاش بەشێوازێك ئیشت کردووە، چونکە ئاستی رۆشنبیریو بینینت بێگومان بەردەوام لەگەشەکردندایە، ئەو گەشەیەش رۆڵی دەبێت لەفراوانبوونی بینینەکانت بۆ شانۆ؟**



–من وابزانم ئاماژەم پێدا جوگرافیاو شوێن هەندێ جار ئەو گۆڕانە دروست دەکات، سەیرکە من گەر لەکوردستان بومایە ئەوا بیرەوەریەکانم هەڵنەدەبژارد بۆ ئیشکردن، کەواتە هۆڵەنداو شوێنو پەناهەندەیی..هتد، وای لەمن کرد ئەو شێوازەو ئەو دەقە هەڵبژێرم، یان بۆ نموونە ئەگەر لەئەوروپا بومایە شانۆیی (کەلە سەری جابر)ی (سعداللهو نوس)م هەڵنەدەبژارد بۆ دەرهێنان، قۆناغی ئێستایان ئەو قۆناغەی (کەلەسەری جابر)م هەڵبژارد بۆ دەرهێنان هاوتا بوولەگەڵ بارودۆخی گشتی، کەسێکی هەلپەرست لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیدا وڵات بەرەو کاول بوون دەبات، لەساڵانی 1992و 1993 هەستم بەگرنگی ئەم دەقە کرد، وەك زەنگێك بۆ بینەر کە ئاگاداربن کە وڵاتەکەمان بەرەو کاولبوون دەڕوات، خەریکە بەرژەوەندی پەرستەکان خەریکە دێنە سەر کورسی، ئەو کەسانەی خەریکە پلان دادەنێن بۆ داهاتووی کوردستان.



**دیمەنێك لەشانۆیی بیرەوەرییەكان، دەرهێنانی (كامەران ڕەئوف)**

***بەڵام تۆ دوجار (كەلەسەری جابر)ت هەڵبژارد چ لەبەغداد چ لەسلێمانی، باشە تۆ كە زانیت ئەو دەقە بۆ قۆناغێك گونجاوە بۆ ئیشكردن ئەی بۆچی بۆ قۆناغ لەدوو شوێنی جیاواز هەڵتبژارد بۆ ئیشكردن؟**

–هەموو دەقێك كە هەڵیدەبژێریت بۆچوونی دەرهێنەر گرنگە بۆ بینینی ئەو دەقە، بۆ نموونە (هاملێت) بەچەند جارێك بەچەند ریتمو شێوازێك ئیشی تێدا كراوە، یان بازرگانی ڤینیسیای شكسپیر، جولەكەكان كردیان كابرایان كرد بەجولەكە كەوا پارچە گۆشتی لێدەكەنەوە، یان ئۆتێللۆ نمایش كرا وەك هەستی ڕەگەزپەرستیو نەژادی ئیشی تێدا كرا، هاملێت لەڕوسیا نمایشكرا، كە ئەو بۆچوونە ڕۆحیەی یان ئەو باوەڕبونەی بەقەدەرو جادوگەری تێیدا لابرا، چونكە لەگەڵ بۆچوونی ماركسیەتدا ناگونجێت، لۆرانس ئۆلیڤەریش دەریهێنا هەر بەڕوئیا كلاسیكیەكە مەبەست لێرەدا چییە دەرهێنەر دەتوانێت دەقێك بەچەند بۆچونێك وەرگرێت، بەهەرحاڵ من كە یەكەم جار (كەلەسەری جابر)م هەڵبژاردو لەبەغداد قوتابی پۆلی چواری پەیمانگەی هونەرەجوانەكان بووم، وەك بەرنامەی قوتابیەك كارم تێدا كرد، ئەوسا تەمەنم نزیكەی 20 ساڵ دەبووم، ناتوانم بڵێم ئەوكات تەواو ئەكادیمیی كارم تێدا كرد، بەڵام چەند ئاماژەیەك هەبوو لەدەقەكەدا وای لێكردم كە هەڵیبژێرم بۆ كاركردن، بۆ نموونە دیالۆگێكی تێدابوو دەیوت: (ئەوەی دایكمان ببینێ پێی دەڵێین مامە) ئیتر عیلاقەمان نییە ئەو كەسە كێیە؟ ڕەنگە ئەم كۆدە رایكێشابم بۆ ئیشكردن یان كۆدی كارەكتەری (مەنسور) سەرنجی راكێشابم، كە مەنسور كەسێكی بیر پاكەو بەپاكی تێدەكۆشێت، مەبەستمە بڵێم هەر قۆناغێك بۆ ئیشكردن تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لەمەش (گەشتەكەی حەسەن)یش دووجار كارم تێدا كردووە، بەكورتی ئەوەت پێدەڵێم هەر جارێك لەو جارانە تایبەتمەندی خۆی هەبوە بەنیسبەت منەوە.

***لەدوائیشدا کە لەهۆڵەندا نمایشکرا بەناوی بیرەوەرییەکان، پێشتریش (وێرانەو گەشتەکەی حەسەن) ئەم کارانە شکڵێك لەگێڕانەوەی رابردو یان دەوری کەسێکن لەزەمەنی رابردوودا لای تۆ ئەم گێڕانەوەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

–شانۆگەری بیرەوەرییەکان لەهەموویان زیاتر پشت بەگێڕانەوەی ئەو بیرەوەریانە دەبەستێت کە تۆ ئاماژەت پێدا، ئەم بیرەوەریانە بەر واقیعێکی تازە دەکەوێت، ئەم بیرەوەریانە بەر واقعێك دەکەوێت کە سەر لەنوێ دەست پێبکەینەوە، بەڵام رێگاکانم لێونبوە، رێگەیەکی زۆرم لەبەردەمدایەو نازانم کام رێگەیە کە من بەدوایدا دەگەڕێم، من لەوێ لەدڵەڕاوکێدام لەبیرەوەرییەکاندا نازانم کام رێگەیان هەڵبژێرمو بیکەمە سەرەتای هەنگاونانی داهاتوم.

***ئەم شتانەی تۆ دەیڵێت گوزارشتکارین بەوشەو رستەو دیالۆگ، ئەی جەستە پێگەی چەنێکە لەناو کارەکانی کامەران رەئوفدا؟**

–جەستەش هەمان زمانە بەڵام بەشێوازێکی تر، بۆ نموونە دانیشتنی ئەکتەرێك لەسەر کورسیەك وەرگرین چەندین مانا دەبەخشێت، لەوانە گەر من لەکاتی دانیشتنەکەمدا قاچ بخەمە سەر قاچ یان رووی خۆم بەشێوازێکی تردا بنێم، یان قاچ بەرزکەمەوە هەموو ئەمانە هەریەکەیان لەسیاقی تایبەتی خۆیدا ئاماژەی تایبەتیو گوزارشتی تایبەتی هەیە، بەئاراستەیەکی هاوتەریب لەنێوان زمانی جەستەو زمانی وشە، من ناتوانم بڵێم لەم دوو زمانە کامیان کاریگەرترنو کامیان لاوازترە، هەردووکی یان یەك موعادەلەیە تۆ بەکامیان زیاتر دەتوانیت ئیش بکەیت ئەوە ئازادیت، گرنگ گەیاندنی ئەو ئامانجو مەبەستەیە کە تۆ کارت بۆ کردووە.

***بەڵام لای تۆ جەستە لەسەر بنەمای وشە پێکدێت، بەتایبەتی لەو ئیشانەی کە لەنەوەدەکاندا ئێمە بینیمان، تۆ لەئیشێکدا وشەیەك دەگرێتو دێیت کۆی جوڵەکانی تری نمایش لەسەر ئەو بنەمایە دەکەیت؟**

–بەڵێ وشە لای من گرنگی گەورەی هەیە، وە هەروەها میزانسینو ئەو جوگرافیایە گوزارشتی خۆی هەیە، جەستە بەشوێنی جوگرافیایی هەوڵ ئەدەم ببێتە ویستگەیەك، هەندێ جار چەند رستەو دیمەنو وشەیەکم لابردووە بۆ هاوسەنگیکردن لەمیزانسینی تەختەی شانۆ هەندێ جاری تر بەڕووناکیو بەڕەنگ توانیومە گوزارشت لەحاڵەتێك بکەمو هەندێ وشەم لەشانۆگەرییەکاندا لابردووە.

***ئەوەی زۆر جار باس لەئەزموونی هونەری تۆ دەکرێت، کە تۆ بەفۆڕمێکی ریالیزمیانە کاردەکەین، ئایا دوای ئەم سەفەرەتو نیشتەجێبوون لەهۆڵەنداو بینینی ئەزمونی هەمەجۆر بەهەمان ستایل کاردەکەیت یان گۆڕانکاری بەسەر ستایلی کارکردندا هاتووە؟**

–بەڵێ من لەمێژە خولیای یەکێك لەبیریارو دەرهێنەرە جیهانیەکانمو هەوڵی ئیشکردنم داوە لەمیتۆدەکەیدا ئەویش (ڤانکتاخوف)ە کە بەڕێبازی (واقعی ئەندێشەیی) ناسراوە، لای ئەم (ئەندێشە) رۆڵێکی باڵا دەبینێت لەبونیادنانی بناغەی شانۆگەریەکەدا، بەلای منەوە کارکردن لەفۆڕمدا گرنگ نییە هێندەی ئەوەی یەکەیەکی تەبا دروست بکەین لەشانۆییەکەدا بۆ نموونە یەکەی دیکۆرو رووناکیو ئێکسسوار گەر ئێمە یەکێك لەو یەکانە وەرگرین کە (دیکۆر)ەکە ئەمیش هەڵدەقوڵێت لەدەقو بۆچوونو دیدی دیکۆریست لەگەڵ دیدی دەرهێنەر، کە دەکاتە (دەق–دیکۆریست–دەرهێنەر) ئەم سێ یەکەیە کاردەکەن پێکەوە فۆڕمێك لەئەنجامی گفتوگۆی ئەم سێ



دیمەنێك لەفیلمی (کۆچی باڵندەکان)، دەرهێنانی (کامەران رەئوف)

کەسەوە بونیاد دەنرێت، ئەم فۆڕمە دەبێت دەلالەتێکی گوزارشت کاری خۆی هەبێت، ئەوسا رووناکی دێت، سێبەر، رووناکی، رەنگ، ئەمانەش هەموو یەکەیەکن و دەبێت ئەمانەش بونیادبنرێت، ئەوسا کارکردن لەتەك ئەکتەردا بەهەموو رەهەندو شێوازێکیەوە، لەماناکردنی بندێڕی وشەو رستەکانی دەق، ئەوسا هەموو ئەم یەکانە پێکەوە بونیادی یەکەی گشتی بەرهەمێکی شانۆیی دەنێت و نمایشك دەخرێتە سەر تەختەی شانۆ. لەبەرئەوە بەلای منەوە هەموو ئەم یەکانە گرنگی خۆی هەیە.

بۆ ئەمەش من وەك تایبەتمەندی خۆم لەکاری هونەریدا ناتوانم بەبێ هیچ کام لەم رەگەزانە ئیش بکەم، بەبێ ئەکتەر ناتوانم ئیش بکەم، بەبێ روناکی ناتوانم ئیش بکەم، بەبێ دیکۆر ناتوانم ئیش بکەم، یان راسترە بڵێم عیشقم لەگەڵیان بێت ئەو ستایلەی من کە کاری لەسەر دەکەم ئەمە پوختەکەی بوو.

***بەڵام ناشکرێت بڵێین ئەمە یەکەمین و دواهەمین فۆڕمی نمایش و شانۆیە؟ چونکە ئێستا دەشکرێت شانۆ بەبێ یەکێك لەو رەگەزانەش بکرێت؟**

–بەڵێ وایە، دەکرێت بەو شێوازەش کاربکرێت، بەڵام کامیان گرنگترە؟ کامیان قوڵترە؟ بێگومان من ئەوەی یەکەمیان دادەنێم بەقوڵترو فەلسەفی تر.

***بۆچی قوڵتر، پێت وانییە هەنوکە دەرهێنەرێکی تر بەپێچەوانەی تۆوە بیربکاتەوە، هەروەك چۆن تۆ پشت بە(ڤانکتاخوف) دەبەستێت ئەویش پشت بەدەرهێنەرو بیریارێکی تر دەبەستێت ئایا هەست ناکەیت شانۆ بەو شێوازە نییە کە تەنها یەك فۆڕم بێت بەڵکو فرەیی تێدایە؟**

–ئەکرێت بۆ نا، گەر پێناسەیەکی (پیتەر بروك) بۆ شانۆ وەرگرین دەڵێت:. (شانۆ پانتاییەکە ئەکتەرێك پێیدا دەڕوات) کەواتە لای ئەو شانۆ بریتییە لە(پانتایی+ئەکتەر) لەبەرئەوە هەموو حاڵەتەکان دەکرێت، بەڵام من ئەو رێگەقورس و گرانە هەڵدەبژێرم کە شانۆ بونیادنرێت لەسەر هەموو ئەو بنەماو یەکانەی کە پێشتر باسمان لێوە کرد.

***بەڵام تۆ بۆ خۆت پێت وانییە ئەو کەرەستانەی سەر تەختەی شانۆ یاریدەدەرێکی تری ئەکتەر بن لەبەرجەستەکردنی رۆڵ؟**

–ئەوەش ئسلوبێکی ترە، دەرهێنەر هەیە باوەڕی بەوە هەیە کە روناکی تەنها بۆ کەشفی ئەکتەرەو هیچی تر، ئیدی ئەو دەرهێنەرە ئیش لەسەر سێبەر ناکات، ئیش لەسەر رەنگ ناکات، من ناڵێم ئەوەی ئیش لەگەڵ رەنگ بکات ئیتر ئەوا هەموو شتێکی کردووە) من ئەوە دەڵێم پێویستە بەداهێنەرانەو ئیستاتیکیانە کار لەگەڵ رەنگ و سێبەرو رووناکی بکرێت، سەیر بکە لای ئێمەو لای دەرهێنەرەکانمان رەنگ مانایەکی چەسپاوی لەخۆگرتووە، سور واتە خوێن و جەنگ، سەوز ئاوەدانی و ژیانەوە، بەڵام لەڕاستیدا رەنگ سروشتێکی گۆڕاوی هەیە، رەنگی سەوز لەدرەختدا

مانای ژیانە وە گەشانەوەیە، بەڵام ڕەنگی زەرد لەقەوزەدا دەلالەتی مردنە، مانای بۆگەن بوونە، مەبەست لێرەدا بەرهەمهێنانی ماناو دەلالەتە لەو ڕەنگانەو ئاستی پەیوەندی بەدەقەوە تا چ ڕادەیەك دەرهێنەر دەتوانێت مانایەکی نوێ بەو شتانە ببەخشێتەوەو جارێکی تر لەسیاقی نمایشدا دایانڕێژێتەوە، ڕەنگی زەردی هەتاو واتای ژیانەوەیە، ئەمە جیاوازە لەسەوزی درەخت کە ئەویش هەر ژیانەوەیە، بەڵام مرۆڤ کە ڕەنگی زەرد بوو واتە ئەو مرۆڤە نەخۆشە، دەبینین ڕەنگ سروشتێکی گۆڕاوی هەیەو هەرگیز لەسەر واتایەك جێگر نییە.

***دوای ئەزمونی (ماکبێس و ڕۆژمێری براکان) کامەران ڕەئوف تاڕادەیەك هەوڵی گۆڕانی داوە لەفۆڕمی کارکردندا ئەو گۆڕانانە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

—بەدڵنیاییەوە گۆڕان بەردەوام هەیە، چونکە لەچ قۆناغێکدا گۆڕان نەما مردن دێت، ئەو دوو ئیشەی بەڕێزیشت باست کرد بێگومان زادەی قۆناغێك لەقۆناغەکانی ئیشکردنی من بوو لەکوردستان، ڕۆژژمێری براکان لەو سیستمە زیاتر ئیشی پێناکرێت، چونکە گوتارێکە باس لەکۆمەڵگەی ئێستا دەکات باس لەو فەسادەی ئێستا دەکات کە کۆمەڵگەی داپۆشیوە، دەبێت من فۆڕمێك هەڵبژێرم کە ئەو بینەرەی دێت بۆ نمایش لێم تێبگات بزانێت من دەڵێم چی، وەك لەیەکەم ڕستەدا دەستمان پێکرد کە شانۆ هاوکێشەیەکە لەنێوان (هونەرمەندو بینەر)دا بۆیە منیش تایبەتمەندی خۆمە بەردەوام حەزدەکەم ئەو هاوکێشەیەی نێوان خۆم و بینەر بەهێز بکەم، بۆ ئێستا زۆر جار بینەر شتی جوانم بیردەخەنەوە، کەسی وا هەیە تەنها بینەر بوەو هیچی تر پێم دەڵێن بیرت دێت لەفلان حیواری گۆڕانی چایکا وات وت، لەفلان شتی گەشتەکەی حەسەن ئەوەت کرد ڕەنگە من بیرم نەمابێت، بەڵام ئەمە بۆ من خۆشە دوای چەندین ساڵ بینەرێك ئەو ڕستانەی سەر تەختەی شانۆ کە من وتومە لەیادەوەری و ئەندێشەی ئەودا جێگەی داگیرکردووە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئیش بۆ بەهێزکردنی ئەو وێنانە بکەین لەلای بینەر، بۆ ئەو گۆڕانەش دیارە ڕۆژبەڕۆژ من بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێم و شتی تازە دەدۆزمەوە کە بێگومان ئەو دوو شانۆییەی کە ناوت بردن من دوای ئەوان چەندین ئیشی ترم کرد کە درێژەپێدەری هەمان ڕێچکەن بەشێوازی تازەترو بەرفراوانتر.

***بەڵام تۆ بۆ خۆت باس لەو واقیعیەتە دەکەیت کە لەشانۆییەکانتا کاری لەسەر دەکەیت، تا چەند پێت وایە ئەمە لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنی شانۆدا یەکدەگرنەوە؟**

—ئایا ئەو مۆدێرنەی کە باسی دەکەیت لەوڵاتی ئێمەدا هەیە؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە وڵاتێکی مۆدێرنین؟

من زۆر شانۆگەریم لەهۆڵەنداو ئەڵمانیا بینیوە، ئەو مۆدێرنەی لێرەدا باسی لێدەکرێت، بەڕاستی من لەوێ نەمبینیوە، بەڵێ کاری بالیەم بینیوە زۆر شێوازو فۆڕمی کارکردنم بینیوە، بەڵام ئەوەی لێرە پێی دەڵێن زمانی جەستەو نازانم چەند زاراوەیەکی تر لەوێ بوونی نییە، من پێم وایە مۆدێرن یان مۆدێرنیزمی لەشانۆدا بەداهێنانە نەك ڕیزکردنی زاراوە.

***بەڵام ئێمە پێمان وایە ئاستی شانۆ لێرە گۆڕانی بەسەر هاتووەو ئەو گۆڕانەش لەئاستی تەکنیك و بینەردا خۆی دەبینێتەوە؟**

—بەبۆچوونی من شانۆ لەکوردستان بەچەند قۆناغێکدا ڕۆیشتوە، گەر ئێمە باس لەپێش ڕاپەڕین بکەین ئەوا ئەو کات هەندێ ئیش دەکرا زیاتر وەك خۆبەتاڵکردنەوە وابوو، بۆیە هەندێ

هونەرمەندیش لەو بۆشاییەدا کاریان دەکرد بۆ هێنانی بینەر بۆ ناو هۆڵەکانی شانۆ، بۆیە بینەر کە دەهات بۆ بینینی نمایشەکان بەجۆرێك لەشۆڕش و بەرخودانی زانیوە، ئێمە لەو قۆناغەدا نەمانتوانی تۆوی جوانی لەناو بینەردا بچێنین کە ئەوسا ئەو تۆوە گەورە دەبوو لەمێشکیداو شانۆ دەبێتە پێداویستیەکی گەورە لەلای و هەست بکات شانۆ بەشێکە لەپێداویستیەکانی ژیانی ئەو، لەبەرئەوە بینەر لەدوای راپەڕین پێویستی بەو هەناسەدانانە نەما، چونکە شانۆ لای بینەری ئێمە پێداویستیەکی قۆناغی بوو هیچی تر!!

چونکە لەماڵەوە لەدەرەوە لەبازاڕ هەناسەی سروشتی ئەدات و هەست بەئازادی تەواو دەکات، ئیتر چ پێویست دەکات بینەر بێت بۆ شانۆ، ئەمە هەڵەیەکی گەورەی هونەرمەندی کوردە لەو قۆناغەدا کردی.

دوای ئەم قۆناغەش هاتینە قۆناغی دوای راپەڕین لەم قۆناغەشدا شێواویەکی زۆر بەهونەرمەندەکانەوە هەبوو، نەیاندەزانی چ دەقێك هەڵبژێرن بۆ کارکردن، چونکە لەسەر ئەو سیستمە ئیشیان کردبوو کە پێویستە دەق دەقێکی شۆڕشگێڕانە بێت، جا ئەو شێوازەش بەسەرچوو، بۆیە بەبڕوای من ئەم قۆناغبەندییەی بزوتنەوەی شانۆ لای ئێمە قۆناغبەندێکی پەرش وبڵاو بووە.

***ئەحمەد سالار لەقۆناغێکدا تۆی بەبینەر زیاتر ناساند بەتایبەتی لەگۆرانی چایکا پاشتر تا ماوەیەك کاریگەری ئەوت لەسەرما تۆ جگە لەو هیچ کەسێکی تر کاریگەری لەسەرت هەبوو؟**

—بەڵێ من مامۆستا ئەحمەد سالار مامۆستام بوو ئەو ناردمی بۆ پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کاریگەریشی لەسەرم هەبووە جگە لەویش کۆمەڵێك مامۆستاو دەرهێنەری گەورەی عیراقی دەرسیان پێوتوم و کارم لەگەڵ کردوون لەوانە قاسم محەمەد، ئیبراهیم جەلال، موحسین عەزاوی، جاسم عبودی، دواتر مورسیل زەبدی، فازل خەلیل، بەدری حەسون فەرید، هەموو ئەمانە پێکەوە کاریان لەسەر زیهنم کرد بۆ تێگەیشتنێکی قوڵ لەو جیهانە گەورەیەی کە ناودەبرێت بەشانۆ، هەموو ئەمانە بەیەکەوە نەك من بێم (سەلاح قەصب) وەرگرم و بیکەمە نمونەی ئیشکردنم، من لەگەڵ سەلاح قەصب ئیشم کرد لە20ڕۆژ زیاتر نەمتوانی ئیشی لەگەڵ بکەم، چونکە ئەو پیاوە هیچ پرۆژەیەکی بەدەستەوە نەبوو! هیچ پرۆژەیەکی نەبوو کە من دیراسەی لەسەر بکەم! بتوانم من قوڵ بمەوە تێیدا، بەڵکو هەموو شتەکانی عەفەوی بوون.

***بەڵام وا بزانین کاك کامەران تۆ لەهاملێت دا بوو کە نەتوانی کاری لەگەڵ بکەیت سەبارەت بەپرۆژەش پێم وایێت ئەو پرۆژەی هەیەو مانفێست و کتێبی هەیە لەسەر شانۆی وێنە؟**

—جارێك یەکەم شت سەلاح قەسەب خاوەنی شانۆی وێنە نیە، ئەمە نامەیەکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەسەر سەلاح قەسەب دەنوسن، چونکە شانۆی وێنە لەلایەن مامۆستایەکی عەبقەریەوە داهێنرا بەناوی (حەمید محەمەد جەواد)ە کە سەلاح قەسەب قوتابی حەمید محەمەد جەوادە، کە ئێستا ئەم مامۆستای شانۆیە لەپاریس، ئەو خاوەنی شانۆی وێنەیە نەك سەلاح قەسەب ئەمە هەڵەیەکەو پێویستە راست بکرێتەوە، من کارم لەگەڵ حەمید محەمەد جەواد کرد لەشانۆگەری (برایانی کارامازۆف)ی دیستۆفسکی، تەنانەت جارێکیان ئێستاش لەبیرمە لەپرۆژەی ئەم شانۆگەریەدا بوین لەو کاتەدا سەلاح قەسەب تەسریحێکی دابوو بەناوی شانۆی وێنەوە، لەو کاتەدا حەمید محەمەد جەواد بانگی کردو وتی سەلاح ئادەی وەرە بزانم ئەم قسە زلانە چییە دەیکەیت لەڕۆژنامە ئەو قسانە قسەی منە دزیوتە، رێك ئەمە وتەی حەمید محەمەد جەواد بوو بەرامبەر قەسەب ئەویش بەپێکەنینەوە وتی:. تۆ مامۆستامی مامۆستامی، لەبەرئەوە شتەکان پێویستە بخرێتە شوێنی خۆی، من نامەیەکم نارد بۆ سایتی (المسرحیون) بەتایبەتی



دیمەنێك لەفیلمی (دەریایەك لەبیرەوەری)، دەرهێنانی (كامەران رەئوف)

بۆ هاوڕێیانی حەمید محەمەد جەواد كە تكایە بتوانن ئەو هەڵە مێژووییە راستبكەنەوە كە شانۆی وێنە بەناوی سەلاح قەسەبەوە ناونراوە، ئەو برادەرانەی ئێرەش حەمید محەمەد جەواد ناناسن‌و ناشیانەوێت بەدوای شتەكاندا بڕۆن، شانۆ حاڵەتێكە لەدۆزینەوەی حەقیقەت، نەك ونكردنی حەقیقەت، بەداخەوە تا ئێستاش ناوی ئەو كابرا داهێنەرە لەم بوارەدا نابرێت كە لەئەساسەوە پرۆژەكە هی ئەوە.

***بەدەر لەشانۆ، با باسی سینەما بكەین چونكە تۆ بەدەر لەشانۆ سینەماشت لەبەغدا خوێندوە؟ ئێستا لەئەوروپا ئەزمونی سینەمایت گەیشتۆتە كوێ؟**

–من لەپەیمانگەی هونەرەجوانەكان لەبەغداد پێنج ساڵ خوێندم سێ ساڵیان شانۆو دوو ساڵیان سینەما، دواتر ئەكادیمی دوو ساڵ سینەما دوو ساڵ شانۆ، پاشتریش ساڵێك‌و شەش مانگ لەهۆڵەندا لەبواری سینەما خوێندم، لەبواری كاركردن چ لەپەیمانگە چ لەئەكادیمیا كۆمەڵێك ئیشم كردووە پاشتریش لەهۆلاندە دوو فیلمم كرد بۆ ئەو كۆمپانیایەی كە تێیدا خوێندم یەكەمیان بەناوی كۆچی باڵندەكان كە فیلمێكی دیكۆمێنتی ئەویتریشیان دەریایەك بیرەوەری كە درامایە.

***تۆ پێشتر لەبارەی شانۆوە دەڵێیت لەدوای راپەڕین شانۆ پێویستی بەو شتە شۆڕشگێڕیانە نەما كە پێش راپەڕین پێشكەش دەكرا، بەلام زۆربەی فیلمەكانی تۆ لەدوای راپەڕین باسی شۆڕش‌و پێشمەرگە دەكات؟**

–من ئەو كارەی كە كردومە وەك شكڵێك خۆم بەقەرزاربار زانیوە بەرامبەر بەپێشمەرگە، كە نەمتوانیوە ببمە پێشمەرگە، بون بەپێشمەرگە كارێكی ئاسان نیە، بەلام بونیەی من، بۆچوونی من، عەقڵی من ئەو توانایەی تێدا نییە، بۆ هیچ شتێك جگە لەو كارەی ئێستا كە هونەرە، خۆمم نەبینیوە چەكم بەدەستەوە بێت، بەهەرحاڵ لەفیلمەكانمدا پەنام بۆ ئەو حاڵەتانە برد، تەنانەت لەشانۆییەكانیشمدا هەندێ ئاماژەی رزگاری هەیە، لەساڵی 1989، كاتێك گەشتەكەی حەسەنم كرد، (حیوارێك)م هەبوو دەڵێت: زوهرە ئارام بگرە رۆژێك دێت خۆر هەڵبێت، ئەمە لەكاتێكدا بو سەدام رایگەیاندبوو دوای ئەنفال كە تەواو لەكوردستان پێشمەرگە نەماوەو كۆتایی هات.